

# هونەرمەندانی کورد پشتگیری خۆیان بۆ پێشمەرگە دووپات دەکەنەوە



# دارا هەورامی: هەموو کورد پێشمەرگەیە



ماموّستای هونەرمەند دارا هەورامی لە پەیامێکیدا کە لە ڕێگای گۆڤاری گوڵان بڵاو دەکرێتەوە بەم شێوەیە ڕای خۆی دەربڕی بەرامبەر بە جەنگی پیرۆزی پێشمەرگە دژی تیرۆریست و دوژمنانی کورد: لە دێرزەمانەوە بەشی ئێمە هەر کوشتن و بڕین بووە و دوژمنان بە هەموو شێوەیەك هەوڵی لەناوبردنی ئێمەیان داوە بە هەموو شێوەیەك، بەڵام هەمیشە بە سەرکەوتنی ئێمە و دوژمنان کۆتاییان هاتووە، بێگومان ئەو شەڕە نەگریسەی کە ئێستا دژی کوردستان بەرپایان کردووە دژی هەموو بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسیەتە و هەوڵێکە بۆ لەناوبردن و ناشیرینکردنی ئەزموونی نەتەوەی کورد و دڵنیاین پێشمەرگە گیانفیداکانی کوردستان کە ئێستا لە بەرەکانی بەرگری کردنن وەك هەمیشە سەردەکەون و ئەم هەوڵەشیان لە ناو دەبەن و میللەتی کورد سەردەکەوێت، ئەگەرچی تا ئێستا ئێمە لە بەرەی بەرگریدا بووین و ئەوان هەوڵی داگیرکردنی خاکی ئێمەیان داوە.

سەبارەت بەو جینۆسایدەی کە دژی برایانمان لە ئیزدییەکانی شەنگال روویداوە، دیارە کە کوردستان شوێنی پێکەوەژیان ئایین و مەزهەب و نەتەوەکانە وەك مەسیحی و تورکمان و ئیزدی و پێکهاتەکانی دیکە و سەرۆك بارزانیش هەمیشە جەختی لەسەر ئەو پێکەوەژیان و تەباییە کردووە، ئەم پێکەوە ژیانە بەرچاوی دوژمنانی گرتووە بۆیە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی لەناوبردنی ئەم ئەزموونە بێ وێنەیە دەدەن کە لە ناوچەکە وێنەی نییە.

من وەکو هونەرمەند و نووسەرێك ئامادەم بە چەك و قەڵەم و هونەرەکەم بە هەموو شێوەیەك بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان بکەم تا دوایین دڵۆپی خوێنمان کۆڵ نەدەین، با دوژمنان باش بزانن کە هەموو کورد پێشمەرگەیە و ئامادەیە بۆ پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان گیانی خۆیان فیدا بکەن بۆ ئەوەی کوردستان و ئەزموونەکەی بە سەرکەوتوویی و سەربەرزی بمێننەوە و پیلانی دوژمن و ناحەزانی کورد لە گۆڕ بنێین.

# رۆژین پێشمەرگەی بەسەر کردەوە



هەروەك پشتیوانییەك بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان خانمە هونەرمەندی باکووری کوردستان رۆژین سەردانی بەرەکانی جەنگی کرد و لە نزیکەوە بارودۆخی پێشمەرگەی بینی لە هێڵەکانی بەرگری کردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان لەم سەردانە مەیدانییەدا رۆژین خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە لە نزیکەوە رەوشی پێشمەرگە دەبینێت وزۆریش خۆشحاڵە بە ورەی بەرزی پێشمەرگە.

رۆژین سەردانی بەرەکانی جەنگی کرد لە میحوەری کەرکوك و ستایشی پێشمەرگەی کرد بۆ ئەو ورە بەرز و پۆڵایینەی پێشمەرگە و بە مایەی شانازیی لە قەڵەمدا.

# سەلام کۆیی: دووبارە سەلماندمان کە ئێمە خاوەن بیروباوەڕی کوردانەی خۆمانین



هونەرمەندی بە ئەزموون سەلام کۆیی کە خۆی لە بەرەکانی جەنگ ئامادە بوو لە میحوەری مەخمور دەڵێ:هەر لە دێرزەمانەوە لە کوردستان دوای نەمانی ئیمپراتۆرییەتی ماد هەر فەرمانڕەوایەتییەك کە حوکمڕانیەتی کوردستانی کردبێت هەمیشە ئامانجی هەرە سەرەکییان ئەوە بووە کە کورد قڕ بکەن و لەناوی بەرن.

ئەوەتا ئەو داستان و شۆڕشانەی کورد بەرپای کردن لە کۆنەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات گەواهیدەری ئەم راستیەن، لە ئەنفال و کیمیا باران و گۆڕی بە کۆمەڵ، لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا ئەمە لەبەرچاوە و دەبینرێ، بۆ نموونە دوای ٢٠٠٣ و نەمانی دیکتاتۆریەت لە بڕینی مووچە و بودجەی کوردستان، سەرەڕای ئەمانەش گرووپێکی چەکداری توندڕەو بە ناوی (داعش) پەیدا بووە کە ئەویش ئامانجی سەرەکیی قڕ کردنی کوردە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە خاوەن بیروباوەڕ و کوردایەتییەکی بێگەردین ئەوەتا خۆمان و کوڕ و نەوە ودۆست و خزمانمان وەك پێشمەرگە ئامادەین بەرگری لە وڵاتی خۆمان بکەین لە بەرەنگاربوونەوەی هەر جووڵەیەك نەك دەستدرێژییەك کە بە ناشەرعی بکرێتە سەر کورد، هەر دوێنێش ئەوەمان سەلماند کە ئێمە خاوەن بیروباوەڕی کوردانەی خۆمانین و ئامادەین بە هەموو شێوەیەك بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان بکەین.



# ئاشنا رەئوف: هەموومان قەرزاری پێشمەرگەین



خانمە ئەکتەر ئاشنا رەئوف خۆزگە دەخوازێت کە ئەویش وەك پێشـــمەرگە قارەمان و گیان لەسەر دەستەکانی پێشمەرگە بوایە و هیوای ســـەرکەوتن بۆ پێشمەرگەکانی کوردستان دەخوازێت لە جەنگی رەوایان دژی تیرۆریستانی داعش.
ئاشـــنا رەئوف لە پەیامێکدا کە لە رێگای گوڵان بڵاوی کردۆتەوە دەڵێ: ئێمە هەمووومان قەرزاری پێشـــمەرگەین و پێشـــمەرگە بە کەســـایەتییەکی قارەمان و ناوێکی گەورە وەسف دەکات، ئەمەش دەقی پەیامەکەی خاتوو ئاشنایە:
ســـەربەرزم کە نەتەوەکەم خاوەنی پێشـــمەرگەیە. ناوێکی گەورە.. کەســـایەتییەکی قارەمان... خۆشەویســـتییەکی بێ ســـنوور بۆ خاك و گەل. هەمووومان قەرزاری ئەو دڵە گەورەیەی پێشـــمەرگەین کە ئەوە ماوەیەکە خۆنەویستانە لـــە ســـەنگەری بەرگرییان لە خاك ئـــاو و گەلی کورد. رووبەڕووبوونەوەیان لەم شـــەڕە لەگەڵ داعش بۆ پاراستنی کوردســـتان تۆمار کردنـــی گەورەترین شـــەرەفە بۆ ناوە جوانەکەی پێشـــمەرگە چاویان ماچ دەکەم. سەری رێزیان بۆ دائەنەوێنم یاخوا هەمیشە سەرکەوتووبن..
پێیان دەڵێم خۆزگە دەمتوانی پێشمەرگە بم.



# قادر ئەسعەد: دەنگمان دەنگی پێشمەرگەیە


هونەرمەندی خاوەن ئەزموون قادر ئەسعەد لە پەیامێکدا پشتیوانی و پشتگیری خۆی بۆ پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کوردستان دەردەبڕێت.

قادر ئەسعەد لە پەیامەکەیدا دەڵێت: سڵاو لەو مرۆڤانەی لە بەرزترین لوتکەی هەڵوێستی نیشتمان پەروەری دان بۆ بەرگری کردن لەخاکی نیشتمان سڵاو لەو مرۆڤانەی بەرگری دەکەن لە پێناو مانەوەی هزرو کلتورو شکۆمەندی نەتەوەیەک سڵاو لە پێشمەرگە پارێزەری ئاشتی و پڵینگی هێرشبەری ڕۆژە سەختەکان دەنگمان دەنگی ئێوەیە لە هەر سەنگەرێک مژدەی سەرکەوتنمان پێ دەبەخشن لەوێ بەئاوازو سروودەکانمان سەرچۆپی کەرنەڤاڵی ئازادی سەربەخۆیی دەگرین، لە درێژەی پەیامەکەیدا هونەرمەند قادر ئەسعەد ئاماژە بەوە دەکات کە خوێنی پێشمەرگە تێکەڵ بە ڕۆحی میلۆدیی هونەرمەندان دەبێت و دەڵێت: لە هەر سەنگەرێکیشدا دڵۆپە خوێنێکتان لێ بچۆڕێت لەوێ حوزن و ماتەم تێکەڵاو بە ڕۆحی میلۆدیەکانمان دەبێت بۆ ساڕێژی زامەکانتان



لە کۆتایی پەیامەکەشیدا دەڵێت: بۆ پێشەوە لەگەڵتانین تا مژدەی یەکجارەکی زەماوەندی سەربەخۆیی کوردستانم.





# ئالین: یەکگرتوویی کورد لە هەموو شتێک پێویستترە

کچە گۆرانیبێژی کورد هۆزان ئالین، کە سروودێکی تایبەتی بۆ پێشمەرگە بەم دواییە بڵاوکردۆتەوە بۆ ڕێز گرتن لە خەبات وکۆڵنەدانی پێشمەرگە بۆ بەرگری کردن لە خاکی کوردستان و دەستکەوتەکانی.

ئالین لە پەیامێکدا پشتیوانی خۆی بۆ هێزی پێشمەرگە ڕاگەیاند و پێشمەرگە بە نموونەی گیانفیدایی و خۆنەویستی وەسف دەکات، لە هەمان کاتدا یەکگرتوویی و تەبایی نێوان کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان بە کارێکی پیرۆز و زۆر پێویست دەزانێت لە هەمان کاتدا ئامادەیە وەك پێشمەرگە بە خوێن و گیان، بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان بکات.

ئالین لە پەیامەکەیدا دەڵێ: ئاشکرایە لە دێر زەمانەوە دوژمنانی کوردستان هەوڵیانداوە کوردستان داگیر بکەن و خێر و سەروەت و سامانەکەی تاڵان بکەن ئەمەش لە





# کامەران عوسمان:
# دڵی پێشمەرگە ئێستا بۆ بەرگری لێدەدات

هونەرمەندی گۆرانیبێژ کامەران عوسمان دەڵێ:کە باسی پێشمەرگە دەکرێت هەموو کات ئەو نموونە بەرز و بە نرخەی مرۆڤمان دێتە پێش چاو کە هەمیشە خۆنەویستانە گیان لەسەر دەستن بۆ پارێزگاری کردن لە خاکی کوردستان و ماڵ و شەرەفی نەتەوەی کورد.....
بۆیە هەمووومان قەرزارباری ئەو دڵە گەورەیەی پێشمەرگەین کە ئێستا تەنیا بۆ بەرگری کردن لێ دەدات..
لێرەوە سەری رێز بۆ یەکە یەکەیان دادەنوێنم و دوعا خوازم کە بە سەلامەتی و سەربەرزییەوە بگەڕێنەوە بۆ باوەشی کەسوکاریان.

دابەشکردنی کوردستانەوە بەسەر چوار وڵات دوور لە ویستی خۆی دەستیپێکرد، دوژمنان هەر بەوە نەوەستان بەڵکو لە هەر شوێنێك جوڵانەوەیەکی رزگاریخوازی هەبووبێت بە ئاگر و ئاسن و جینۆساید و کیمیاباران وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام میللەتی کورد هەمیشە سەرکەوتوو بووە و زاڵ بووە بەسەر مەینەتییەکان و پیلانی دوژمنانی لە بن نا.
ئەوەی پیلانەی ئێستا دوژمنانی کورد دایانناوە بۆ لێدانی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان دڵنیام ئەوەشیان بە یەکگرتوویی و یەکڕیزی میللەتەکەمان لەناو دەچێ و میللەتی کورد سەردەکەوێ، یەکڕیزی و تەبایی نێوان کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان زامنی سەرکەوتنی میللەتی کوردە لە ئێستا و لە دوارۆژیش.

لێرەوە رێز و سڵاوم دەنێرم بۆ پێشمەرگەی کوردستان کە وەك شۆڕشگێڕێکی گیان لەسەر دەست هەمیشە ئامادەن بە خوێن و گیانی خۆیان بەرگری لە خاکی کوردستان بکەن، ئێمەش وەکو هونەرمەند بە ئەرکی خۆمان دەزانین بەرامبەر بە پێشمەرگە و کوردستان بۆ ئەوەی پشتگیری زیاتری پێشمەرگە بکرێت لە جەنگیان دژی تیرۆریست و دوژمنان و پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان، منیش وەك پێشمەرگەیەك ئامادەم بچم لە بەرەکانی جەنگ شان بە شانی براکانم دژی دوژمنانی کوردستان و تیرۆریستان بجەنگم.
دووبارەی دەکەمەوە یەکڕیزی نەتەوەی کورد لە هەموو شتێك پیرۆزتر و پێویستترە لەم قۆناغە سەختەی ژیانی میللەتەکەمان.

